# بۆ بەڕێز: لایەنە پەیوەندییدارەکانی هەرێمی کوردستان
# بابەت: شەنوکەوکردنی پێشنیازە یاسایەکی میدیایی

**سڵاو و رێز .....**

ئێمە کە لەخوارەوە ناومان هاتووە، وەك كۆمەڵە پسپۆڕێکی خۆبەخشی نێو زانكۆكانی هەرێمی کوردستان بەدوور لەهەر جۆرە بەرژەوەندییەکی تایبەت، لەپاش پەیبردن بە خراپیی دۆخی پەیامی میدیایی و لەسۆنگەی هەستکردنمان بەبەرپرسیارێتی نیشتمانیی و ئەکادیمیی سەرشانمان، بەپێویستمان زانی لەرێی پێشنیازکردنی "پرۆژە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی میدیا لەهەرێمی کوردستاندا" بیر لە چوارچێوەیەکی یاسایی و پیشەیی بۆ هەڵسەنگان و رێکخستنی میدیا بکەینەوە. هەربۆیە دوای خستنەڕووی پێشنیازەیاساکە لەمیانی وۆرکشۆپێکی راوێژکاریی لە رۆژی شەممە "07ی کانونی یەکەمی 2019"دا لەهۆتێل دیدەمانی شاری هەولێر، کۆی سەرنج و پێشنیازی ئامادەبووان وەرگیران و لەدوایین دەقی پێشنیازە یاساکەدا جێیان کرایەوە و ئێستاش دەیخەینەوە بەردەستان، بەهیوای بەدەنگهاتن و دروستکردنی كۆدەنگیی لەسەر سنوردارکردنی ئەو پشێویی و ئاڵۆزییەی رۆژانە لەناو پەیامی میدیایی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێت.

**ئامادەکاران:**

- د.شوان ئادەم ئەیڤەس لە زانكۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
- د.بەهات حەسیب قەرەداغی لە زانكۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
- د.سادق حەمەغەریب لە زانكۆی سەڵاحەدین
- د.ڤیان سلێمان لەزانكۆی لوبنانیی فەرەنسی.
- د.ئاریانا ئیبراهیم لە زانكۆی سەڵاحەدین
- د.ئەکرەم فەرەیدون لە زانكۆی سەڵاحەدین

**وێنەیەك بۆ:**

- ✓ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
- ✓ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
- ✓ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
- ✓ ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان
- ✓ وەزارەت و دەستە و ئەنجومەنە پەیوەندییدارەکانی هەرێم
- ✓ سەندیکا و رێکخراوەکانی بەرگری لەئازادیی دەربڕین و کاری رۆژنامەگەری
- ✓ سەرجەم میدیا و میدیاکارانی هەرێمی کوردستان

# پرۆژە پێشنیازی
# یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی میدیا
# لە هەرێمی کوردستاندا

**لەلایەن دەستەیەك لە**

**ئەكادیمیی و پسپۆڕانی میدیا لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستاندا**

**گەڵاڵەكراوە**

**كانونی یەكەمی**

**2019**

# بەشی یەکەم:
# چەمکە گشتییەکان

**ماددەی یەکەم:**

واتای هەریەك لەو چەمك و دەستەواژانەی خوارەوە کە لەم یاسایەدا بەکارهاتوون، لەبەرامبەریاندا دیاریکراوە:

**یەکەم: هەرێم**، هەرێمی کوردستان _ عێراق.
**دووەم: پەرلەمان**، پەرلەمانی کوردستان _ عێراق.
**سێیەم: ئەنجومەن**، ئەنجومەنی نیشتمانیی میدیا.
**چوارەم: میدیا**، هەر ئامرازێکی میدیایی دەگرێتەوە کە لە گواستنەوەی ناوەڕۆکی پەیامێکی میدیایی بەرپرس بێت.
**پێنجەم: پەیامی میدیایی**، ناوەڕۆکی هەر چالاکییەکی گشتیی پەیوەست بە پرۆسەی ەرگرتن، بەرهەمهێنان، گواستنەوە، پەخش و بڵاوکردنەوەی پەیامی میدیایی بینراو، بیستراو، خوێنراو و دیجیتاڵیی دەگرێتەوە.
**شەشەم: میدیاکار**، هەر پیشەوەرێکی میدیایی دەگرێتەوە کە بەشدار یان بەرپرسیار بێت لە پرۆسەی وەرگرتن، بەرهەمهێنان، گواستنەوە، پەخش و بڵاوکردنەوەی پەیامێکی میدیایی.
**حەوتەم: کەس**، کەسی سروشتیی یان مەعنەویی دەگرێتەوە.
**هەشتەم: لایەنە پەیوەندییدارەکان**، وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، وەزارەتی داد، وەزارەتی ناوخۆ، دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان .

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** بەگوێرەی ئەم یاسایە ئەنجومەنێك لەژێر ناوی "ئەنجومەنی نیشتمانیی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا"، بۆ رێکخستنی یاسایی و هەڵسەنگاندنی پیشەیی ناوەرۆکی پەیامی میدیایی لەسەرتاسەری هەرێمدا دادەمەزرێت.

**دووەم:** ئەنجومەن، دامەزراوەیەکی سەربەخۆی نیشتمانیی پیشەییە، خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی خۆیەتی و لەبەرامبەر چاودێریی و لێپرسینەوەی پەرلەماندا بەرپرسیارە.

**سێیەم:** بارەگای سەرەکی ئەنجومەن لە پایتەختی هەرێمدا دەبێت و بەگوێرەی پێویست نووسینگەکانی خۆی لە ناوەندی پارێزگاکان و یەکە کارگێڕییەکانی دیکەی هەرێمدا دەکاتەوە.

# بەشی دووەم:

# ئامانجە گشتییەکان

**ماددەی سێیەم:**

ئەنجومەن، کار بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەکات:

**یەکەم:** جەختکردنەوە لەسەر ئازادییەکانی دەربڕین و رۆژنامەگەری، لەرێی پشتبەستن بە یاسای ژمارە 35ی ساڵی 2007ی "یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان"دا.

**دووەم:** جەختکردنەوە لەسەر مافی هاووڵاتیانی هەرێم لە دەستڕاگەیشتنیان بە زانیارییە گشتییەکان و سوودمەندبوونیان لە خزمەتگوزارییەکانی میدیا، لەرێی پشتبەستن بە یاسای ژمارە 11ی ساڵی 2013ی "یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق"دا.

**سێیەم:** جەختکردنەوە لەسەر ماف و ئازادییە گشتییەکانی تاکەکەس و تایبەتمەندییەکانی ژیانی تایبەتی کەسەکان، لەرێی پشتبەستن بە یاسای ژمارە 06ی ساڵی 2008ی "یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندییکردن لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق"دا.

**چوارەم:** جەختکردنەوە لەسەر گوتاری نیشتمانیی میدیا لەرێی هەڵسەنگاندنی بەردەوامی پەیامی میدیایی میدیاکاران.

**پێنجەم:** جەختکردنەوە لەسەر یەکسانی جێندەریی لەنێو ناوەندی بڕیاری میدیاکانی هەرێم و بەرهەمهێنانی پەیامەکانیاندا.

# بەشی سێیەم:

# پۆلێنکردنی پەیامی میدیایی و هێڵە گشتییەکانی کارکردن

**ماددەی چوارەم:**

پەیامی میدیایی بەمشێوەیەیەی خوارەوە پۆلێن دەکرێت:

**یەکەم: پەیامی نوسراو،** هەموو ئەو پەیامانە دەگرێتەخۆ کە لە رێگەی رۆژنامەگەریی چاپکراوی رۆژنامە و گۆڤار و هەر جۆرێکی چاپەمەنییەوە بڵاودەبنەوە.

**دووەم: پەیامی بیستراو،** هەموو ئەو پەیامانە دەگرێتەخۆ کە لە رێگەی میدیای پەخشکراوی رادیۆ و هەر ئامێرێکی دیکەی دەنگییەوە دەبیسترێن.

**سێیەم: پەیامی بینراو:** هەموو ئەو پەیامانە دەگرێتەخۆ کە لە رێگەی میدیای پەخشکراوی سکرین و ریکلامی رووناکیی شوێنە گشتییەکان و تەلەڤزیۆنی ناوچەیی و ئاسمانیی و هەر جۆرێکی دیکەی بینینەوە دەبینرێن و تەماشا دەکرێن.

**چوارەم: پەیامی لێکدراو:** هەموو ئەو پەیامانە دەگرێتەخۆ کە لەرێگەی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیای زیرەکی وەك مۆبایل و ئایپاد و تابلێت و هاوشێوەکانییەوە بەوەرگر دەگات. ئەویش لەرێگەی لێکنزیککردنەوە و تێکەڵکردنی خزمەتگوزارییەکانی میدیای چاپکراو و پەخشکراو بە میدیای دیجیتاڵی.

**ماددەی پێنجەم:**

پەیامی میدیایی، پێویستە ڕەنگدانەوەی ئەم هێڵە گشتییانەی خوارەوە بێت:

**یەکەم:** ئاسایشی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکی هەرێم.

**دووەم:** پەیڕەوکردنی یاسا بەرکارە پەیوەندییدارەکانی هەرێم.

**سێیەم:** پاراستنی شیرازەی خێزان و ئاشتی کۆمەڵایەتیی هەرێم.

**چوارەم:** سەرچاوە کولتوریی، کەلەپوریی و ژیارییەکانی کوردستان.

**پێنجەم:** تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزی مێیینە و بەکارنەهێنیان وەك شمەك و کاڵای بازرگانی.

**شەشەم:** ستراتیژی نێودەوڵەتیی بۆ پاراستنی سیاسەتی جێندەریی و هاوسەنگیی جێندەری.

**حەوتەم:** ئازادییە کەسییەکان و شکۆی تاکەکەس و سوکایەتی نەکردن بە تایبەتمەندییەکانی.

**هەشتەم:** بەندەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و بنەما و دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراسی.

**نۆیەم:** ڕەچاوکردنی جیاوازیی بیروباوەڕ و بۆچوونی کەسیی شوێنکەوتووانی ئایین و ئایینزا و سیاسەت.

**دەیەم:** خراپ بەکارنەهێنانی منداڵان، بەساڵاچووان و کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لەو پەیامانەی چاپ و پەخش و بڵاودەکرێنەوە.

## بەشی چوارەم:
## ڕێکارەکانی ڕێکخستن و هەڵسەنگاندنی کار و پەیامی میدیایی

**ماددەی شەشەم:**

ڕێکخستنی چوارچێوەی یاسایی و هەڵسەنگاندنی پیشەیی کار و پەیامی میدیایی لەڕێی ئەم ڕێکارییانەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** پابەندکردنی هەر میدیاییەکی هەرێم بە دانانی ڕستێك ڕێسای پیشەیی یان بەڵگەنامەی شکۆی ڕۆژنامەوانیی کە دەستنیشانی سیاسەت و ستراتیژی کار و پەیامی میدیایی خۆی بکات، بەمەرجێك پێچەوانەی ئامانجەکانی ئەم یاسایە و حوکمەکانی نەبێت.

**دووەم:** پابەندکردنی هەر میدیاییەکی هەرێم بەهەبوونی گرێبەستی یاسایی کارکردن لەنێوان خۆی و ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکەن، بەجۆرێك کات و شوێنی کارکردن، تایبەتمەندێتی کار و جێندەر، مووچە، پاداشت و سزا و جۆری قەرەبووکردنەوەی ڕۆژانی پشوو یان کاری زیادەی تیا دەستنیشانکرابێت.

**سێییەم:** ڕێکخستن و دیارییکردنی جۆر و شێوازی کارکردنی میدیاکاران و ناوەخنی پەیامەکانیان، بەجۆرێك کە ناچار بەئەنجامدانی کارێك یان چاپ و بڵاوکردنەوەی پەیامێك نەکرێن کە پێچەوانەی ڕێسا پیشەییەکانی ڕۆژنامەگەریی و یاسا بەرکارەکانی هەرێم بن.

**چوارەم:** هۆشیاریدان لەوەی بەبێ هەبوونی بەڵگەیەکی روونی یاسایی، هیچ میدیاکارێك لەکارەکەی دوورنەخرێتەوە.

**پێنجەم:** هۆشیاریدان لەوەی بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە و تێپەڕینی (30) ڕۆژ بەسەر ئاگادارکردنەوەکەیدا، لێکۆڵینەوەی یاسایی لەگەڵ هیچ میدیاکارێکدا بەهۆی کار و پەیامە میدیاییەکانییەوە نەکرێت.

**شەشەم:** پابەندکردنی میدیاکار بەیاسا بەرکارەکانی هەرێم و ڕێسا پیشەییەکان و سیاسەتی کارکردنی ئەو دامەزراوە میدیاییەی گرێبەستی کارکردنی لەگەڵیدا هەیە. بەجۆرێك کە ڕێز لە بنەماکانی جاڕنامە و یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بگرێت.

## بەشی پێنجەم:
## پێکهاتە و ئەندامێتی ئە نجومەن

**ماددەی حەوتەم:**

پێکهاتەی ئەنجومەنی نیشتیمانی میدیا بەمجۆرە دەبێت:

**یەکەم:** سەرۆکی ئەنجومەن

**دووەم:** جێگری سەرۆکی ئەنجومەن

**سێیەم:** سکرتێری ئەنجومەن

**چوارەم:** ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن

**ماددەی هەشتەم:**

ئەو کەسەی بۆ ئەندامێتی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێت، دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوە تیابێت:

**یەکەم:** پێویستە کوردستانیی بێت و دانیشتووی هەرێم بێت.

**دووەم:** لە بوارێك لە بوارەکانی میدیادا پسپۆڕ یان ئەزموندار بێت.

**سێیەم:** لانیکەم خاوەنی بڕوانامەیەکی زانستیی بێت کە لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت.

**چوارەم:** تەمەنی لە 30ساڵ کەمتر نەبێت.

**پێنجەم:** بەهیچ  تاوانێکی ئابڕووبەر یان هەر تاوانێکی دیکە حوکم نەدرابێت کە شکۆ و کەسایەتی لەکەدار کردبێت.

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم:** ئەنجومەنی نیشتمانیی میدیا لە نۆ ئەندام پێکدێت کە لەلایەن زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمانەوە دیارییدەکرێن. ئەویش دوای ئەوەی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە سیڤییەکانیان دەخرێتەبەردەم پەرلەمانتاران و هەڵیاندەبژێرن، بەمەرجی تەرخانکردنی 30٪ی دەستەی هەڵبژێردراو بۆ ڕەگەزی مێیینە.

**دووەم:** ماوەی کارکردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەم ئەنجومەنە، چوار ساڵ دەبێت و بۆیان هەیە بۆ یەك خولی دیکە خۆیان بەربژێر بکەنەوە.

**سێیەم:** سەرۆکی ئەنجومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:

1. بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەنجومەن لەرووی ڕێکخستن و کارگێڕییەوە.
2. نوێنەرایەتییکردنی یاسایی و فەرمیی ئەنجومەنەکە لەناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا.

3. سەرۆکایەتییکردنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن. تەنانەت ئەو کۆبوونەوانەش کە بەلانیکەمەوە دوولەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن داوای دەکەن.
4. هەر ئەرکێکی دیکە کە دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن پێیبسپێرێت.

**چوارەم:** لەیەکەم دانیشتنیی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەندا، بە دەنگی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکانی، سەرۆك و جێگر و سکرتێری ئەنجومەن هەڵدەبژێرێن.

**پێنجەم:** لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا ، جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە و دەسەڵاتەکانی بۆ دەگوێزرێتەوە.

**حەوتەم:** ئەندامانی ئەنجومەن بە پلەی وەزیفیی و مووچەی حکومیی خۆیان ڕاژەکەیان دەگوازرێتەوە سەر میلاکی ئەنجومەن. دوای تەواوبوونی ماوەکەیان، دەگەڕێنەوە سەر میلاکی کاری پێشووی خۆیان یاخود بۆیان هەیە بەپێی ڕێنماییە داراییەکان خۆیان خانەنشین بکەن. ئەوانەشیان کە فەرمانبەری میریی نین، بەپێی ڕێکارە داراییەکانی هەرێم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

**هەشتەم:** کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن بە ئامادەبوونی (50+1)ی ژمارەی ئەندامەکانی دەبێت.

**نۆیەم:** ماوەی خزمەتکردنی ئەندامییەتی لەئەنجومەندا بۆ مەبەستی سەرمووچە و بەرزکردنەوە و خانەنشینیی هەژمار دەکرێت.

## ماددەی دەیەم:

شێوازی کارکردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** ماوەی ئەندامێتیی ئەنجومەن، چوار ساڵ دەبێت لەگەڵ هەبوونی مافی خۆپالاوتن بەتەنها بۆ یەك خوولی دیکە.

**دووەم:** ئەنجومەن لەسەر بانگهێشتی سەرۆکەکەی هەفتانە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەکات و بڕیارەکانی بە دەنگی (50+1) دەدرێن. ئەگەر دەنگدان لەسەر بڕیارێك یەکسان بوو، ئەوا دەنگدانی ئەو لایە پەسەنددەکرێت کە دەنگی سەرۆکی ئەنجومەنی لەگەڵدایە.

**سێیەم:** دەستە دەتوانێت کەسانی پسپۆڕ بەئامانجی راوێژپێکردنیان بانگهێشتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بکات، بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان لەسەر بڕیارەکان هەبێت.

**چوارەم:** سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن لەماوەی ئەندامێتیاندا ڕێگەیان پێنادرێت کارێك بکەن دژی ئامانجەکانی ئەنجومەن بێت و بێلایەنییان بخاتە ژێر پرسیارەوە.

## ماددەی یانزەیەم:

سەرچاوەی دارایی و داهاتی ئەنجومەن لەم ڕێگایانەی خوارەوە بەدەستدێت و بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابوریی هەرێم خەرج دەکرێت:

**یەکەم:** ئەو برە پارەیەی لە بوودجەی گشتیی بۆ ئەنجومەن دیارییدەکرێت.

**دووەم:** داهاتی ئەو بەرهەم و پرۆژە و چالاکییانەی ئەنجومەن ئەنجامیان دەدات.

**سێیەم:** ئەو بەخشینانەی پێشکەش بە ئەنجومەن دەکرێن و لەلایەن دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەستەی بەڕێوبردنەوە پەسەند دەکرێن.

# بەشی شەشەم:
# لێپرسینەوە و کۆتاییهاتنی ئەندامییەتی

**ماددەی دوانزەیەم:**

**یەکەم:** هەر ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن، لەم دۆخانەی خوارەوەدا کۆتایی بە ئەندامێتیی دێت،:

1. تەواوبوونی وادەی کارکردنی ئەنجومەن.
2. دەستلەکارکێشانەوەی پەسەندکراو.
3. دەست تێکەڵکردنی لەگەڵ دوژمنانی کوردستاندا.
4. نەخۆشی درێژخایەن، مردن یان بێتوانایی لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەندامێتیی و راپەڕاندنی فەرمانەکانی ئەنجومەندا.
5. سێ جار ئامادەنەبوونی یەك لەدوای یەك بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی پێشوەختە یان بەبێ هەبوونی پاساوێکی رەوا.
6. سزادانی دادگا بە حوکمێکی ئابڕووبەر یان زیندانییکردنی بۆ ماوەیەك کە لە ساڵێك زیاتربێت.
7. بەخشینی ئەندامانی ئەنجومەن لە فەرمانەکانیان بەشێوەی کۆ یان بە تاك لەلایەن پەرلەمانەوە، کاتێك کە سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەکەن، ئەویش بەدەنگدانی دوو لەسەر سێی دەنگی پەرلەمانتاران.
8. ئەگەر سەلمێنرا ئەو زانیاریانەی لەکاتی پالأوتنییدا بۆ کارەکەی پێشکەشیکردووە، راستنەبوون.
9. خۆپالأوتنی ئەندامی ئەنجومەن بۆ یەکێك لە پۆستە حکومییەکان یان نوێنەرایەتییەکان یان بەرپرسیارێتیی لەنێو میدیایەکی هەرێمدا.

**دووەم:** لەکاتی چۆڵبوونی یەکێك لە کورسییەکانی ئەنجومەن بەهۆی یەکێك لەو بڕگانەی سەرەوە، ئەندامێکی دیکە بەهەمان رێکاریی کە لەم یاسایەدا هاتووە بۆ شوێنە چۆڵبووەکە دیارییدەکرێت.

# بەشی حەوتەم:
# ئەرك و دەستەڵاتەکانی ئە نجومەن

**ماددەی سیانزەیەم:**

ئەرکەکانی ئەنجومەن بەمشێوەیەی خوارەوە دەستنیشاندەکرێن:

**یەکەم:** بەشدارییکردنی کارا لەچەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیی و ئازادییەکانی دەربڕین و رۆژنامەگەری، لەچوارچێوەی رێسا پیشەیی و یاسا بەرکارەکانی هەرێمدا.

**دووەم:** بەشدارییکردن لە رێکخستنی چوارچێوەی یاسایی و هەڵسەنگاندنی پیشەییانەی پەیامەکانی میدیا بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی پیشەی رۆژنامەگەریی و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی هەرێم.

**سێیەم:** ڕێزگرتن لە مافە سیاسیی و مەدەنییەکانی تاکەکەس و ڕێگرییکردن لەهەر میدیا و میدیاکارێك کە مافی تایبەتمەندێتیی و ژیانی تایبەتی کەسەکان پێشێل بکات. بەتایبەت ئەگەر هیچ پاساوێکی پیشەیی نەبێت کە بەرژەوەندیی و بایەخی گشتیی کۆمەڵگا مسۆگەر بکات.

**چوارەم:** گەڵاڵەکردنی ڕستێك ڕێسای پیشەیی بۆ میدیا و میدیاکارانی هەرێم لەکاتی وەرگرتن، داڕشتنەوە، پەخش و بڵاوکردنەوەی پەیامی میدیاییدا، لەڕێی جەختکردنەوە لەسەر پێوەرەکانی بەرپرسیارێتی، بێلایەنی، بابەتیبوون، وردبینیی، ڕاستگۆیی، سەربەخۆیی، بێگەردی، دەستپاکی، هاوسەنگی، ئازادیی کارکردنی پیشەیی و بڵاوکردنەوەی زانیاری، ڕێزگرتنی تایبەتمەندێتیی و پاراستنی ژیانی تایبەتی کەسەکان، ڕێزگرتنی کۆی بەهاکان، پاراستنی نهێنی سەرچاوەی زانیاری، ناساندن و جوانکاریی زمانەوانی، دادوەریی و دوورکەوتنەوە لەحوکمدانی پێشوەخت، هاریکارییکردنی دەزگا سیخوڕییەکان و ڕێگرتن لەهەر جۆرێکی جیاکاری.

**پێنجەم:** بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نیشتمانیی لەبارەی خراپبەکارنەهێنانی میدیا و پەیامەکانی لەڕووی یاسایی و پیشەییەوە.

**شەشەم:** هەوڵدان بۆ دروستکردنی دادگایەکی تایبەتمەند بەتاوانەکانی بڵاوکردنەوە.

**حەوتەم:** دەستپێشخەری و هەماهەنگییکردن بەئاڕاستەی یەکخستنی گوتاری نیشتیمانیی میدیا لەهەرێمدا، بەتایبەت لە سەروەختی قەیرانەکان، شەڕ و ململانێی ناوخۆیی و دەرەکیی هەرێمدا.

**هەشتەم:** ڕەخساندنی زەمینەی کێبڕکێی پیشەیی لەنێوان میدیاکاراندا، لە ڕێی ڕێکخستنی چوارچێوەی خاوەندارێتی میدیا و ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری.

**نۆیەم:** ڕێخۆشکردن بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی بەرهەمهێنانی نیشتمانیی میدیا، بەرەچاوکردنی کولتور و کەلەپوری پێکهاتەکانی هەرێم.

**ماددەی چواردەیەم:**

ئەنجومەن، لە ڕێی ئەم میکانیزمانەی خوارەوە کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجانەکانی دەکات:

**یەکەم:** داڕشتنی سیاسەتی دارایی و کارگێڕیی ئەنجومەن.

**دووەم:** هەڵسەنگاندنی بەردەوامی شێوە و ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی.

**سێیەم:** وردبوونەوە و بەدواداچوونی ئەو ڕەخنە و سکاڵایانەی لەلایەن جەماوەرەوە ئاڕاستەی میدیا و میدیاکاران دەکرێن.

**چوارەم:** پێشنیازکردنی هەمواری یاسا بەرکارەکانی هەرێم یان گەڵاڵەکردنی پرۆژە یاسای نوێ بۆ ئەو بوارانەی میدیا کە هێشتا ڕێکنەخراون یان پێویستییان بەتازەکردنەوەیە. ئەویش، بەهەماهەنگیی و لەڕێگەی لایەنە پەیوەندییدارەکانی هەرێم.

**پێنجەم:** هەڵسەنگاندن و ئاشکراکردنی ئەدائی کارکردنی میدیاو میدیاکاران لەڕێی دەرکردنی ڕاپۆرتی وەرزیی ئەنجومەنەوە.

**شەشەم:** مەشق و ڕاهێنانی میدیا و میدیاکاران لەسەر پاراستنی ڕاستنووسینی زمانی کوردیی و هاوسەنگیی لە وەرگرتن و داڕشتنەوە و بڵاوکردنەوەی پەیامی میدیایی، لە ڕێگەی جیاکردنەوەی ریکلام، بۆچوون و زانیاریی لەبارەی ڕووداوەکان و دوورکەوتنەوە لە حوکمی پێشوەخت و دادگاییکردنی تۆمەتباران.

# بەشی هەشتەم:
# فەرمانبەرانی ئە نجومەن

**ماددەی پانزەیەم:**

**یەکەم:** گواستنەوەی راژەی کۆمەڵە فەرمانبەرێك لەبواری کارگێڕی، دارایی، ژمێریاری، ئەرشیڤ و ئای تی، لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمەوە بۆسەر میلاکی ئەنجومەن بەهەمان ماف و جیاوکەکانیانەوە.

**دووەم:** پابەندکردنی فەرمانبەرانی ئەنجومەن بە پاراستنی بەڵگەنامە و نهێنیەکانی ئەنجومەن. بەجۆرێك بۆ هیچ مەبەست و بەرژەوەندییەکی تایبەتیی بەکاریان نەهێنن و ئاشکرایان نەکەن.

# بەشی نۆیەم:
# حوکمە گشتییەکان

**ماددەی شانزەیەم:**

**یەکەم:** دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن دەتوانێت پشت بە شارەزاو پسپۆڕی نێودەوڵەتیی و ناوخۆیی بوارەکانی میدیادا ببەستێت.

**دووەم:** دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن دەتوانێت هەماهەنگیی لەگەڵ سەندیکا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی بکات، بەئامانجی ئاسانکاریی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی پیشەیی و رێکخستنی یاسایی ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی لەهەرێمدا.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

**یەکەم:** دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن پێویستە راپۆرتی وەرزیی لەبارەی ئەرکەکانی ئامادەبکات و پێشکەشی پەرلەمانی بکات.

**دووەم:** دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن پێویستە راپۆرتێکی ساڵانەی گشتگیر لەبارەی رەوشی میدیا لەهەرێمدا ئامادە بکات و پێشکەشی پەرلەمانی بکات.

**ماددەی هەژدەیەم:**

ئەنجومەن بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامەکانی ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

**یەکەم:** داڕشتنی پەیڕەوێکی ناوخۆی تایبەت بەخۆی.

**دووەم:** دەرکردنی رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**سێیەم:** کردنەوە و داخستن و بەیەکەوەبەستنەوەی نووسینگەکانی یان بەشەکان یان هۆبەکان لەکاتی پێویستیدا.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

**یەکەم:** ئەنجومەن بەهەماهەنگیی و لە ڕێگەی لایەنە پەیوەندییدارەکانی هەرێمەوە مافی پێشنیازکردنی گەڵاڵەی ئەو پرۆژە یاسایانەی بۆ پەرلەمان هەیە کە پەیوەندیی بە بوارەکانی میدیا و میدیاکارانەوە هەیە.

**دووەم:** لە پێکهاتەی کارگێڕیی ئەنجومەندا ڕەچاوی هاوسەنگیی جێندەریی و نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان دەکرێت.

**ماددەی بیستەم :**

لەدوای پەسندکردنی ئەم یاسایەوە، پێویستە لەماوەیەکی دیارییکراودا کە لە (90) ڕۆژ زیاتر نەبێت، ئەنجومەنی نیشتمانییی میدیا پێکبهێنرێت.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

کار بە دەقی هیچ یاسایەکی دیکە یان بڕیارێك ناکرێت کە ناکۆك یان پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی بیست و دووەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

بەهۆی دابەشبوونی کوردستانی گەورە بەسەر وڵاتانی عەرەب و تورك و فارس و بەبەرنامە شێواندنی کولتور و کەلەپوری کوردیی لەلایەك و پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای نوێ و خراپ بەکارهێنانی تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی ئینتەرنێت لەلایەکی دیکەوە، ئەمڕۆ قەیرانێکی نوێ بەرۆکی هەرێمی گرتووە. لەو سۆنگەیەوە و لەپێناو دەربازکردنی میدیا و میدیاکارانی هەرێم لەدۆخی پشێویی و بەئامانجی ڕێکخستنی یاسایی و هەڵسەنگاندنی پیشەییان، قەوارەی فیدراڵیی هەرێمی کوردستان _ عێراق پێویستیی بەدامەزراندنی "ئەنجومەنی نیشتمانییی میدیا" هەیە، بۆ ئەوەی ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتانەی دەکەوێتە ئەستۆی میدیا وپەیامی میدیاکاران لە ڕێی دەستەیەکی نیشتمانییی بێلایەن و سەربەخۆی خاوەن کەسایەتی مەعنەویی کە پەیوەست بێت بە پەرلەمانەوە، ڕێکبخرێن. ئەوەش وایکردووە کە دەرچوونی ئەم یاسایە ببێتە پێویستییەکی هەنوکەیی.